# ئەنفالی ئازایخوازان لە سالیادی کارەساتی ئەنفالدا!

ڕۆژی 13/ 4 / 2006 لە کاتێکدا کە ( زمناکۆ عەزین) لە چایخانەی شەعب لە شاری سلێمانی لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆشنبیرو خەڵکی ناسراوی شار لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ساڵیادی کارەساتی ئەنفالی ئەمساڵ سەرقاڵی گفتوگۆ بوو, ئەمنەکانی یەکێتی نیشتیمانی دەدەن بەسەریانداو بۆ جاری چەندهەم ڕاپێچی زیندانی ئەمنی سلێمانی دەکەنەوە!.

خەڵکی شاری سلێمانی بەتایبەتی, شاهیدی ئەوەن ماوەیەکە ( زمناکۆ عەزین) بەئەندازەی مدیری دەزگای ئەمنی سلێمانی یەکێتی لەو دەزگایە دەوام دەکات!.جیاوازیەك کە لە نێوان دەوامی هەردووکیاندا هەیە, ئەوەیە کە زمناکۆ وەك نوێنەری ڕاستی ووتن بەزۆر و بە زەبری چەك ناچار بە دەوامی دەکەن و کاکی مدیر ئەمنیش وەك نوێنەری پێشێلکردنی ڕاستی , بە ئارەزووی خۆی دەچێت بۆ دەوام و قەرارە بەو مووچەیەی وەریدەگرێ خۆی و منداڵەکانی بەخێو بکات. جارێك بە بەهانەی ئەوەی کە زمناکۆ ئەندامی حزبی کۆمۆنیستەو چالاکی و هەڵسوڕانی حزبەکەی یاساغکراوە, دەیبەنە زیندان!.جارێکی تر بەبەهانەی ئەوەی کە نوێنەری لیژنەی هەڵبژێردراوی داکۆکیکردن لە خواستەکانی خەڵکی شاری سلێمانی یە, دەیبەنەوە زیندان!.جارێکی تر بەبەهانەی ئەوەی لەسەر فلانە مەسەلەی کۆمەڵگەو خەڵك بەیاننامەی داوەتە دەستی خەڵك, یان قسەو بابەت و سیمیناری دەربارەیان نووسیوەو ئەنجامداوە, دەیبەنەوە زیندان !.

بەهانەی ڕاپێچی زیندانی ئەمجارە ئەوەیە, کە زمناکۆ وویستیویەتی لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆشنبیری شاری سلێمانی لەسەر بەرنامەو شێوەی بەڕێوەچوونی ساڵیادی کارەساتی ئەنفالی ئەمساڵ قسەوباس بکەن و خواستەکانی کەسوکاری گیان لەدەستچووانی ئەنفال بکەنە سەرمەشقی ساڵیادی ئەم ساڵ کە بریتی بوو لە:

1/ یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال و مەحکومکردنی ئەو تاوانە. 2/ دادگاییکردنی سەرەك جاش و موستەشارەکان کە دەستیان لە کارەساتی ئەنفالدا بووەو ئێستا لە نێو یەکێتی و پارتیدا لێپرسراون. 3/ باشکردنی ژیانی سەختی کەسوکاری ئەنفالکراوان و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان.

( زمناکۆعەزین) لە پێوانی ئەم ڕێگا زۆرەملێیەی دا بۆ دەزگای ئەمنی سلێمانی,ئاشنایەتی لەگەڵ زۆر کەسدا پەیدا کردووە ,ئێستا ئیتر تەنیا ئەو نیە کە بەزۆر ڕاپێچی دەزگاکانی ئەمن دەکرێت. ئەمجارە لە منداڵی دوو ساڵەوە هەتا ژن و گەورە ساڵ هاوڕێی زیندانی ئەو بوون!. ناڕەزایەتی خەڵك لە دژی بێ ماف و دەستکورتی ونایەکسانی و دزی و ڕاووڕووتی ئەم دوو حزبە هەتا دێ پەرە دەسەێنێ و لە بەرامبەردا میوانی نێو زیندانەکانی ئەمن هەتا دێت زیاد دەکات. ئێستا ئیتر زمناکۆ بووە بەوان و ئەوان بوون بە زمناکۆ!. بەڵام ئەم سیناریۆیە لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەیتوانیوە بۆ ماوەیەکی دوور درێژە بکێشێ, هەرگیز وانەبووە زیندانەکان هەر پڕ بووبن لە ئازادیخوازان و دەسەڵاتدارانیش شەوانە بێ غەم سەریان نابێتە سەر سەرین. ئەم گوریسە لە شوێنێکدا هەر دەپچڕێ.

بەڕاستی ڕووی قایمی ئەم دوو حزبە دەسەڵاتدارە لە چ ماددەیەك دروستکراوە؟!. ئەم دوو حزبە شەوو ڕۆژ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیانەوە باسی ئەو کارەساتانە دەکەن کە ڕژێمی بەعس بەسەر خەڵکی کوردستان و عێراقدا هێناویەتی . باسی زیندانە تاریکەکانی ڕژێم دەکەن کە ئازادیخوازانی تێدا ئەشکەنجە دەدرا, بەڵام خۆشیان هەموو ڕۆژێك بە دەیان ئینسانی ناڕازی وەك زمناکۆ و وەستا حسێن ئاوەدانی دەکەنەوە . باسی دەم دووریـن و پێشێلکردنی ئازادی سیاسی و سەرکوتی ناڕەزایەتیەکانی خەڵك لەلایەن ڕژێمەوە دەکەن, کەچی خۆشیان بە پێش چاوی خەڵکەوە شەوانە هەڵدەکوتنە سەرماڵان و منداڵەکانیان ڕاپێچی زیندانەکان دەکەن و لەسەر بڵاوکردنەوەی بە یاننامە و بابەتی جۆراوجۆر لەسەر فەسادی ئیداری و ژیانی فیرعەونەکانی کوردستان خەڵکی پڕ جنێو و کوتەك کاری و زیندانی دەکەن!. درێژەکێشانی ئەم وەزعیەتە ئیتر لە تواناو تەحەمولی خەڵکدا نیە.

خەڵکی کوردستان هەموو ڕۆژێك بەدەربڕینی ناڕەزایەتی بەکۆمەڵی لێرەو لەوێیان, بەهەزارو یەك شێوەی جۆراوجۆر خەریکن دەڵێن چیتر تەحەموولی ئەم نایەکسانی وناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیە فراوانە ناکەین. ناکرێ قووربانیانی ئەنفال و بەگازخنکێنراوانی هەڵەبجەو بادینان و بێسەروشوێن چووانی خێزانە بارزانیەکان, کرابێتە سەرمایەو کۆمپانیای سیاسی ودبلۆماسی بۆ دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی و چاڵەنوتی بێبڕانەوەی پارەوپوول و کۆشکی شاهانە بۆ لێپرسراوانی حزبەکانیان و لە بەرامبەردا بەشی منداڵەکانی ئەو گیان لەدەستچووانەش دەستکورتی و بێ ماف و نەبوونی و بێکاری و بێ خانەولانەیی ونەخۆشی بێت. تا ئەو ڕادەیەی کە داواکردنی دادگایی کردنی ئەنفالچیان و باشکردنی هەلومەرجی سەختی ژیانی قووربانیانی ئەنفال و کیمیاباران, ڕاپێچ کردنی زیندان وەڵامی دەسەڵاتداران بێت!!.

کومەڵگەی کوردستان خەریکە پێ دەنێتە دەورەیەکی نوێوە, دەورەی هاتنەمەیدانی خەڵك بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی و ئابووریەکانیان, کە چەندین ساڵە یەکێتی و پارتی لە ژێر ناوی شەڕی ناوخۆ و لە ئارادابوونی ڕژێمی بەعس وهەلومەرجی ناسك وحکومەتی ساواو.....دا,نایەوێ وەڵامیان پێ بداتەوە. هەرچەندە دەلیلێك پێویست نیە بهێنرێتەوە بۆ نیشاندانی ناکۆکی و دوژمنایەتی و ناسازگاری سیاسەت و ئامانجی ئەم دوو حزبە لەگەڵ خواست و ئاوات و ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستاندا.چونکە ئەوان هەر لەیەکەمین ڕۆژی هاتنیانەوە بۆ نێو شارەکانی کوردستان لە ئازاری 1991 دا, یەکەمین کاریان هێرش بوو بۆ سەر کۆبوونەوە گشتیەکانی خەڵکی گەڕەکەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان. ئەمڕۆ ئەم ناکۆکی و ناتەبابییە گەیشتۆتە ئاستێکی قووڵی وەها کەئیتر ئیمکانی درێژەکێشانی نیە. مشتێك تفەنگچی کوردایەتی خەریکە ناویان دەچێتە ڕیزی ملیاردێرەکانی دنیاوەو سەدان هەزار ئینسانی پیر و گەنج و ژن وپیاو و منداڵی کوردستانیش ناچار بە ژیان لەسایەی بێ کارەبایی و بێ ئاوی وبێ خزمەتگوزاری وگرانی سەرسوڕهێنەرو بێ نانی و دزی و ڕاووڕووتدا کراون!. ڕاگرتنی خەڵك لە بێ دەنگیدا ئیتر بۆ تفەنگچیەکانی ئەمن کارێکی دژوارە. خەڵکی دەیانەوێ ئیرادە بکەن و ئەم هەلومەرجە بە دەستی خۆیان بگۆڕن. لەم نێوەدا دەزگاکانی ئەمنی یەکێتی و پارتی هەرچی زیاتر توندوتیژی لە خۆ نیشان دەدەن, سەیر نیەو چاوەڕوانکراوە کە هەوساری سەرکوت زیاتر دەپچڕێنن. بەڵام بێشك کاریگەریان لەسەرپاشەکشە پێکردن و ترساندنی خەڵك هەتا دێت لاوازتر دەبێت .

وەرچەرخانێك لەخەبات و شێوەی دەربڕینی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان بە کردەوە دەستی پێکردووە. دەورەی لێرە بە دوا دەورەی ڕووبەڕووبوونەوەی  توندی کۆمەڵایەتی فراوانی خەڵك و یەکێتی و پارتی دەبێت, بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ژیانی ئێستاو دابینکردنی ژیانێکی شایستەی ئینسانی ئەم سەردەمە بۆ خەڵکی کوردستان.ئێمە بە تەواوی تواناوە بۆ  بەهێز کردن و یەکگرتووکردن و ڕێکخراوکردنی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی بەدیهێنانی مافە بەرهەقەکانیان تێدەکۆشین و ڕاکێشانی پشتیوانی بەشەرییەتی ئازادیخوازی دنیا بۆلای خواستەکانی خەڵکی کوردستان وەك هەمیشە بە ئەرکی خۆمان دەزانین.

## جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!

15 ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتدارەتی ئەم دوو حزبە ئەو ڕاستیەی نیشانداوە,کە ژیانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوان بایەخی تووڕێکی قووڕاوی نیە.تەنیا ڕێگا بۆ کۆتایی هێنان بە هەلومەرجی سەختی ئێستاو دابینکردنی خواستە ڕەواو لەبیرکراوەکانی سەدان هەزار ئینسان , پەرەسەندن و سەراسەری کردنەوەی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی خەڵکە. بەکۆمەڵ بەردەرگای زیندانەکانی سلێمانی و کەلارو کفری و سمود وچەمچەماڵ و هەڵەبجە بگرن و زیندانیەکان ئازاد بکەن. بەهیچ شێوەیەك ڕێگا مەدەن شەوانە هەڵبکوتنە سەرماڵان و ڕۆڵەکانتان ڕاپێچی زیندان بکەن , بەهێزی جەماوەریەوە لە نێو کۆڵانەکان یەخەیان بگرن و بەدەستی خاڵی ڕەوانەی مۆڵگەکانیان بکەنەوە.ئایندەیەکی باشتر بۆ ژیانی خەڵکی کوردستان تەنیا لە دەستی خەڵکەکەیدایە,ئەمەش تەنیا لە گرەوی یەکگرتووکردنی ڕیزەکانی دایە.ئایندە هی خەڵکی کوردستانە.

**بژی ئیرادەی سەربەخۆی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ژیانێکی شایستەی ئینسانیدا.**


| تاهیر حەسەن | ناسك ئەحمەد |
| --- | --- |
| tahirhassan1@yahoo.com | nasikahmad2@yahoo.com |


17ی ئەیلوولی 2006